www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 12:57 2-2-2006

## مادەی 58 و بەرژەوەندیەكانی عارەبی هاوردە ... ئاكۆ محەمەد شوانی

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و دروستبوونی حكومەتی كاتی عێراق و دانانی دەستوری هەمیشەیی ئەو وولاتەشدا یەكێك لە برگەكانی ئەو دەستوورە مادەی 58، دیاری كراوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی كەركوك ئەوشارەی كە لە لایەن رژێمە یەك لەدوای یەكەكانی عێراقەوە هەمیشە هەولدراوە باری دیموگرافیای دانیشتوان و شێوەكانی تری ژیانی كودی تیا بسرێتەوە و بە عەرەب بكرێت، كە تا رادەیەكیش ئەو سیاسەتەی رژێمی بەعس توانی كار لەەو بەرنامەیە بكات بۆ ئەو گۆرینانە، تا ئەو ئاستەی كە تاوەك و ئێستاش، دوای سیسالَ لە نەمانی ئەو رژێمە ئێمە كورد بە دەست ئەو كێشەیەوە دەنالێن و چارەسەرەكەیشی بووەتە كارێكی گران، مادەی 58 بۆ چارەسەركردنی هەموو ئەو كێشانە دانراوە، بەلاَم ئێمەی كورد هەمیشە ئەو مادەیەمان بە بەرژەوەندی بۆ خۆملن زانیوەو ئەمەلە كاتێكدا عەرەبی ئەو شارەش بەشی خۆیان بەرژەوەندیان هەیە لە خالَەكانی ئەو مادەیە، ئەوان كە هێنراونەتە شاری كەركوك كۆمەلێك ئیمتیازاتیان وەرگرت و بەگەرانەوەشیان ئیمتیازاتێكی تر وەردەگرن، ئەمە جگە لەوەی سەركردایەتی سیاسی كورد چەمكێكی نویی هێنایە كایەوە بە ناوی (عەرەبی رەسەن) كە ئەمەش دان نانە بەمانەوەی زیاتر لە 60 هەزار مالَی عارەب كە لە پێش سەرژمێری سالَی 1957 لەو شارە ژیاون، بۆیە تەنها لە سەردەمی دەسەلاَتی خزبی بەعسدا هەلَیتەعریبكردنی كەركوك نەدراوە بەلَك و ئەم پرۆسەیە زۆر لەو كاتە پێشتر هەبووەو حزبی بەعسیش درێژە پێدەری دەسەلاچتەكانی پێشوتر بووە و كوێرانە تر هەولَی سرینەوەی ئاسەواری كوردستانیەتی ئەو شارەی داوە. لەهەوو ئەمانەش سەیر تر رازیبوون و تێكەلاَو كردنی عەرەبی هاوردە لە دەزگا بەرپرس و چارەنوس سازەكانی ئەو شارەو بریاردانیان لەسەر چارەنوسی ئێمەی كوردیش تا ئێستاش، بۆیە بەرای من ئەو گرەوەی كە سەركردایەتی كورد لەسەر كەركوك كردیان بەری من دەبوایە بەدیوێكی تر بوایە وەك ئەوەی ئێمە دەبوایە لەم سەردەمی ئازادی و مافی تاك و شێوە ژیانەی ئێستا لە جیهاندا داوابكەین عەرەبی هاوردە لەو شارەدا بمێنن، ئەمەش لەو سی سالَەداو لەلایەن هاوپەیمانەكانمانەوە ئەوە ووتراوە كە ئێوە باسی دیموكراسی و مافی تاك دەكەن ئەی ئێستا ئێوە بۆ عەرەب دەردەكەن و ئەو مافەیان لێدەستێننەوە، خۆ ئەگەر ئەوان بەزۆر هاتون و لێرە ژیاون ئێوە دەریان مەكەن. منیش پێم وایە دەبوایە سەركردایەتی سیاسی كورد شەریان لەسەر سنوری جوگرافیای كوردستانی ئەو شارە بكردایەتەوە و ئەو راسییەیان بەعەرەب بسەلماندایە كە كەركوك شارێكی كوردستانە، نەك چاوەروان بكەین تاوەك و لەراپرسیەكدا بزانین كەركوك هی كوردە یا عەرەب؟!. . نمونەی لەو جۆرە مۆدێلانەش لە زۆربەی وولاَتانی دنیادا هەیە وەك لە ئەلَمانیاو رووسیاو دانیمارك و چەنیدن شاری تر هەیە لە دوونیادا لەسەدا نەوەت و پێنجی خەلَكی بێگانەی شارێكی ئەو وولاَتەن بەلاَم ئەو شارە لەروی جوگراقیا و یاسایشەوە سەر بەو ولاَتەن. دەكرا ئێمە سود لەو جۆرە مۆدێلانە وەبگرین، نەك ئەوەی كە ئێستا چارەنوسی خۆمان داوەتە دەست ئەو قەدەرەی كە راپرسی داهاتوو لەو شارەدا دیاری بكات. لەگەلَ هەموو ئەمانەشدا من ئایندەی ئەوشارە گەش دەبینم و گەیشتومەتە ئەو راسییەی كە ئێمەیكورد دەبێن خۆمان رابێنین كە پێویستە عەرەب و توركمان بە هاوشاری خۆمان قبولَ بكەین و رازیبین پێی نەك

بیر لەوە بكەینەوە كە عەرەب بڕۆنەوە و ئەو شارە دەبێت تەنها كوردی تیادا بژیت. بۆیە ئەو مادەیەی كە ئێمە پێمان وایە لە بەرژەوەندی ئێمەدایە، بەڵام عەرەبیش وەك و ئێمە سود مەندن لەمادەی 58.